**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٠٧٠٠ لە ٢٠٢٠/٨/٣**

**بەیانی ژمارە (٥٢) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨) تایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەنگار بوونەوەی کۆرۆنا لە ٢٠٢٠/١٠/١٤ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** ئاسایی کردنی هاتووچۆی هاوڵاتیان و کەسانی بیانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا لە (دەروازەی سنووری ئیبراهیم خلیل) و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەر سێ دەروازەی سنوری ( حاجی ئۆمەران ، باشماخ و پەروێزخان) بەمەرجێک سەنتەری پشکنین هەبێت بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی کۆرۆنا .

**دووەم:-** لەدەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان پشکنینی کۆرۆنا بۆ ئەو کەسانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت ،ئەگەر دەرئەنجامی پشکنینی کۆرۆنایان نێگەتیڤ بوو رێگایان پێ دەدرێت داخلی هەرێم کوردستان بن و دەبێت رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ بکەن ، و ئەگەر ئەنجامی پۆزەتیڤ بوو دەگەرێنرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان جگە لە کەسانی عێراقی .

**سێیەم:-** سەبارەت بەو کەسە بیانیانەی کە پێویستیان بەڤیزە هەیە بۆ ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان ، رێگایان پێ نادرێت بێنە ناو هەرێم ئەگەر ڤیزەی ئەلکترۆنی هەرێمی کوردستان یان ڤیزەی حکومەتی عێراقی فیدرالیان نەبێت .

**چوارەم:** فرۆشگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە بەپێی رێنمایی تەندروستی .

**پێنجەم:** کردنەوەی خولی یەکێتی تۆپی پێ بەبێ ئامادەبوونی هاندەران .

**شەشەم:-** هەموو گردبوونەوە و کۆنفراس و کۆبوونەوەیەک قەدەغەیە .

**حەوتەم:-** پێویستە لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی رێکارەکانی خۆپاراستن بکرێت بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بەتایبەتی بەکارهێنانی ماسک ، و هەر فەرمانبەرێک یان کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە یان ئاسایش پابەند نەبێت پێبژاردنی پێ دەکرێت .

**هەشتەم:-** ئەو لیژنانەی کە بەپێی بەیانی ژمارە (٤٤) بڕگەی (بیستەم) پێکهاتوونە بەسەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی سەردانی کردنی وەزارەتەکان و دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ، و لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە

سەربەخۆکان بە نوێنەرانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و تەندروستی و پۆلیس ، بەردەوام دەبن لەسەر کارەکانیان بەمەبەستی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لەو شوێنانە و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچی کاران .

**نۆیەم:-** چالاک کردنی تیمەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی .

**دەیەم :-** قەدەغەکردنی داوەت و شایی و چوونە سەر قەبران و دانانی پرسە بەردەوام دەبێت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەک بەرپرسیارن ، و هەر کەسێک پابەند نەبێت بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار پێبژاردن پێ دەکرێت .

**یانزدەیەم:-**

١- هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت ، ڕێستۆرانت و شوێنە بازرگانیەکان...هتد ) نابێت ڕێگە بدەن بە چوونە ژوورەوەی هاووڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بەبێ بەستنی ماسك ، بەپێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێت بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار پێبژاردن دەدات.

٢- دەسەڵات دەدرێت بە ژووری ئۆپراسیۆنەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەمەبەستی داخستنی ئەو بازار و فرۆشگا ملیانەی کە دەبنە هۆکاری قەلەبالغی زۆر و گردبوونەوەی هاوڵاتیان .

**دوانزەیەم:-** پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانیان پابەند بکەن بە بەستنی ماسک و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی خۆ پارێزی لەو دامەزراوەیە ، بەپێچەوانەوە بەبڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد وپەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک پێبژاردن بەو دامەزراوە دەکرێت .

**سیانزدەیەم:-** پێویستە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بکەن ئەگەر لە دوو کەس زیاتربوون بە تایبەتی بەکارهێنانی ماسک و پەیڕەوکردنی مەودای (١,٥) مەتر لە نێوانیان.

**چواردەیەم:-** هەر کەسێک ڕەچاوی بەستنی ماسک نەکات بەپێی ڕێکارەکانی ئەم بەیانە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار پێبژاردن دەدات.

**پانزدەیەم:-** شوفێری ئۆتۆمبێلەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ ) لەکاتی هەبوونی سەرنشین لەگەڵیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بەبەستنی ماسک، بەپێچەوانەوە بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک شوفێر وەک پێبژاردن دەدات .

**شانزدەیەم:-** لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی (دەیەم ، یازدەیەم ، دوانزدەیەم ، سیانزدەیەم و چواردەیەم ، پانزدەیەم)ی ئەم بەیانە و وجێبەجێ کردنی پێبژاردنەکان ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێت.

**یەکەم:** لایەنی ڕاسپێردراو بە وەرگرتنی پێبژاردنی ئەمانەی خوارەوە:
١- لیژنەکانی قائیمقامیەت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
٢- پۆلیسی ڕێکاری (شرطة الانضباط).
٣- بەڕێوەبەری فەرمانگە لە کاتی ئەنجام دانی سەرپێچی لە ناو ئەو فەرمانگەیەکە لێی بەرپرسە.
٤- بنکەی پۆلیسی هاتووچۆ.
٥- ئەفسەری پۆلیسی هاتووچۆ لە کاتی ئەرکدا.
٦- بنکەکانی پۆلیس.
٧- ئەفسەری پۆلیس لە کاتی ئەرکدا.

**دووەم:** ئەو پێبژاردنانەی کە بەپێی بڕگەکانی (دەیەم ، یازدەیەم ، دوانزدەیەم ، سیانزدەیەم و چواردەیەم) وەردەگیرێت بەکاردێت بۆ کرینی پێداویستی خۆپاراستن بە تایبەتی ماسک بۆ فەمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ هاندانی ئەو تیمانەی کە بەدواداچوون دەکەن و پێبژاردنەکان جێبەجێ دەکەن و لە لایەن وەزیری ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری خەرج دەکرێت.

**سێیەم:** ئەو سەرپێچیەی کە بەپێی بڕگەی (پانزدەیەم) تۆمار دەکرێت بە ئامێری سزادانی ئەلیکترۆنی یان بە تۆماری سەرپێچی دەخرێتە سەر تۆماری سزاکانی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ و بڕی پێبژاردنەکان دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**چوارەم:** لە کاتی نەدانی پێبژاردن لە لایەن سەرپیچی کار ئەوا ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەپێی ماددەی (٢٤٠) لە یاسایی سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) سالی ١٩٦٩ی هەموارکراو و بە ڕەچاوکردنی ماددەی (١١٠) (بڕگەی/ب) لە یاسایی شێوازی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ساڵی ١٩٧١.

**حەڤدەیەم:** چالاک کردنەوەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و پێویستە کۆبوونەوەی بەردەوام ئەنجام بدەن و ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەیانە.

**هەژدەیەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخــۆ**